www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:58 28-5-2006

## زۆری ڕێژەی ژن لەحکومەتدا مافی ژنان دەسەنێت ... *بەناز کوێستانی



هەر لەدوای ڕاگەیاندنی ناوی وەزیرەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەنگی نارەزایی لەلایەن زۆربەی ژنان و کەسایەتییە چالاکەکان و ڕێکخراوەکانی ژنانەوە بەرز بۆوە، هەریەکەو بەشێوەیەك لەشێوەکان نارەزایەتی خۆیان دەربری بەرامبەر بەکەمی ڕێژەی ژن لەو کابینەیەداو نەبوونی پۆستی بەرچاو بۆژنان، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پێك هاتبوو لەهەموو ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنی و ئەو ڕێکخراوانەی کەسەر بەحزبەکان و ئەو ڕۆژنامەو کەناڵە ڕاگەیاندنانەی، کەلەو بوارەدا کاردەکەن، چالاکی هەفتەی هەڵوێستیان ئەنجامدا وەکو فشارێك بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی و حزبەکان و حکومەت و کاربەدەستان لەپۆستە باڵاکاندا بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت لەدانانی پۆستی جێگری وەزیرو پۆستە ئیداریەکانی تردا، ژنان لەیاد نەکەن و بتوانن بەرێژەیەکی بەرچاو لەپۆستەکاندا جێگەیان بێتەوە..

تائێرە کارەکە ئاساییە، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئایا ڕێکخراوەکان تەنها ڕێژەیەکی زۆریان لەژنان دەوێت لەپۆستەکاندا، ئایا زۆری ڕێژەی ژن لەپۆستەکاندا مافی ژنان دەسەنێت، بێگومان بن لەوەی کەوەڵامەکەی نەخێرە، چونکە زۆری ڕێژەی ژنان لە پۆستەکاندا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کەئەو ژنانە کێن کە پۆستەکان وەردەگرن و چۆن دەتوانن کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، تاچەندیش دەتوانن لەو پۆستانەدا خزمەتی بزووتنەوەو دۆزی ژنان بکەن، نمونەشمان زۆرە ژن لەهەردوو حکومەتی ئەوملاو ئەولا پۆستیان وەرگرتووە، هەندێکیان وەك کاری بەرێوەبردن زۆر سەرکەتوو بوون توانیویانە سەربەرزی و خۆشحاڵیەك بەتوێژەکەی خۆیان بدەن، هەر لەهەمان کاتدا ژنە وەزیرمان هەبووە کە نمونەی گەندەڵترین وەزارەت بووە، لەسەر ژنانیش حسابی بۆ کراوە، بۆیە بەرەئی من ڕێژەی ژنان زۆر گرنگ نییە، ئەوەی کە گرنگە ئەو ژنانە کێن و تاچەند بەتوانان و تاچەند دەتوانن خزمەت بەبزووتنەوەی ژنان بکەن و ژنانە بیر بکەنەوەو لەهەمان کاتدا لەئەرکی بەرێوەبردنەکەشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت و بتوانێت سەرکەوتوانە کارەکانی ئەنجام بدات.

ئەگەر چاوێکی مێژووی بەحکومەت و پەرلەمان لەساڵی 1992دا بگێرین و بەراوردی بکەین بەحکومەت و پەرلەمانی ئێستا کەساڵی 2006 دەبینین هیچ گۆرانکاریەکی دیارو بەرچاو نابینین کەبیرکردنەوە عەقلیەتی حزبەکان و ئەو کەسایەتیانەی کەدیاریکراون بۆپۆستەکان، چونکە هەر هەمان کەسایەتی و ناون و گۆرانکاری گەورەی تیا بەدی ناکرێت، لەهەمان کاتدا لەرووی بەشداری ژنان لەپۆستەکاندا هەر هەمان ڕێژەیە، بۆیە دەکرێت بپرسێن ئایا تائێستا ڕێکخراوەکانی ژنان چیان کردووە لەماوەی ئەو 15 ساڵەدا.. ؟ بۆ نەیانتوانیووە بیرکردنەوەی تاکی کوردی و بەتایبەتی عەقڵی پیاوانی سیاسی بگۆرن کەلەبەرژەوەندی خۆیان و ڕێکخراوەکەیان و دۆزی ژنان بێت. ئەمەیان بەجێ ئەهێڵم بۆ ڕێکخراوەکان خۆیان وەڵام بدەنەوە.

لەهەمان کاتدا گوێبیستی ئەوە بووم کەلەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا گفتوگۆ لەسەر ئەوە کراوە کەتارادەیەکی باش پۆستی جێگری وەزیرەکان بدرێت بەژنان، ئەمە خۆی لەخۆیدا دوو خاڵی ڕوون دەکاتەوە بۆمان، یەکەمیان باشە بۆ پێش هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنی پۆستی وەزیرەکان ئەو گفتوگۆیە نەکراوە.. ؟ دووەمیان بۆچی ژنان وەك پلە دوو و وەك جێگر حسابیان بۆ بکرێت و جێگەیان بۆ دیاری بکرێت، کەئەمە لەخۆیدا پرسیارێکی گەورەیەوە دەبێت لەئەنجومەنی

وەزیرانی حکومەت بکرێت، ئایا ئەمە بۆئەوە دەگەرێتەوە کە پێش پۆستی وەزیرەکان ئەمەیان بیر نەبووە، ئێستا بەفشاری رێکخراوەکان و وروژاندنی بابەتەکە بیریان کەوتۆتەوەو بووە بەتەوەری گفتوگۆکەیان، یاخود ئەگەرێتەوە بۆ ئەو تێروانینەی کە ژنان هەمیشە وەك تاك و هاوڵاتیەکی دەرەجە دوو تەماشاکراوەو هەمیشە دەبێت لەپۆستە ئیداریەکانیشدا، لەدوای پیاوەو بێت و بریار بەدەستی یەکەم پیاو بێت و دووەم ژنان بن، یاخود بۆ ئەو ئەقلًیەت و بیرکردنەوە باوکسالارییە دەگەرێتەوە کەلەبیرکردنەوەی پیاوان و بەتایبەتی لەمێشکی لێپرسراوە باڵا حکومی و حزبیەکاندایە کەنابێت ژن بریار بەدەست بێت و ژن سەروەری ئەو کاروفەرمانانە بێت و پیاو جێبەجێکەر بێت.

پێم وایە سەرچاوەی نەبوونی ژنی بەتواناو نەبوونی رێژەیەکی زۆری ژنان لەناو دام و دەزگا حزبیەکان دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی ژن لەناو حزبە سیاسیەکان، بەتایبەتیش هەردوو حزبە باڵا دەستەکەی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە رێگە نادەن یاخود نایانەوێت ژن لەبوارە سیاسیەکەو لەبەشداری سیاسی لە حزبەکاندا پێش بکەوێت و پلەی حزبی بەرز بەدەست بهێنێت، بەتایبەتیش کە خۆیان بە عەلمانی و پێشکەوتنخواز دەزانن، کەچی تائێستا لەهیچ کامێکیان ژنان نەگەیشتونەتە پلەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەنانەت لەناو لق و مەڵبەندەکانیش ئەوانەی لەپۆستێکی بەرچاودان ژمارەیان بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێت، زۆر جار ململانێیەکی قورسیان لەگەلڕ دەکەن، و ناهێڵن لەکۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا خۆیان هەڵبژێرن، (بەڵام سەیری حزبێکی وەك یەکگرتووی ئیسلامی بکە، کەحزبێکی ئیسلامیشە ژمارەیەکی بەرچاو ژنان لەپۆستی سەرکردایەتی حزبەکەیاندا کاردەکەن) ، کەژنانیش دەبینن ئەوەندە ململانێ و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن لەکاری حزبی و بەشداری سیاسیان هەندێکیان سارد دەبنەوەو کۆڵڕ دەدەن لەو بەشدارییە سیاسیە، رەنگە لێرەدا تاوانی ژنان خۆشیان بێت کەزوو دەست لەو کارانە هەڵدەگرن کەئاستەنگی زۆر دەهێنێتە رێگەیان، ژنان خۆشیان بوێرانە ناچنە ناو کایە سیاسیەکەوەو وەك پێویست خەبات ناکەن و بوێری و لێهاتووی خۆیان لەبواری سیاسی بەدەستهێنانی بروانامەی بەرزو لێهاتووی خۆیان ناسەلمێنن بۆ حزبەکانیان هەندێك جاریش خێزان و ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دەبنە رێگر لەبەردەم بەشداری سیاسی ژنان لەحزبەکاندا، بۆیە دەبینین کێشەی سەرەکی لێرەوە دەست پێدەکات، کاتێك کە حزبەکان دەیانەوێت ژنێك کاندید بکەن بۆ هەر مەبەستێك بێت، بێگومان لەژنانی ناو حزبەکانی خۆیانەوە دەست پێدەکەن، یاخود ژنێك هەڵدەبژێرن کە گوێرایەڵی خۆیان بێت، و لەسنوری سیاسەتەکەیان دەرنەچێت، بۆیە لەم کاتەدا هەست بەبۆشایی سیاسی ژنان دەکات لەناو حزبەکەیداو کەسێکی بەتواناو شیاو لێهاتوو نادۆزێتەوە کەکاندیدی بکات بۆ ئەو پۆستانەی کەهەیە، رەنگە لەدەرەوەی حزبەکان ژنی لێهاتوو سەربەخۆ هەیە کە کاری خۆی دەکات و کەسایەتی خۆی سەلماندووە، بەڵام هەڵنابژێرێن و کاریان پێ ناسپێرێت، چونکە رەنگە لەسنورەکانی سیاسەتی ئەو لابدات و بەگوێی ئەو حزبە نەکات لەزۆر بریارو راسپاردەدا، بۆ ئەوەی لەم قەیرانی نەبوونی ژنە لەکایەی سیاسیدا پێویستە حزبەکان و ئەندامەکانی بەبەرنامەی خۆیان و حزبەکەیاندا بچنەوەوسەر لەنوێ بەرنامە رێژەیەکی تر بکەن کە رێگە بەژنان بدەن بەئازادی سیاسەت بکەن، لەهەمان کاتدا ئەندامەکانیشیان خۆیان لەو چەقبەستووی و بیرکردنەوە باوکسالارییەی کۆمەڵگەی کوردی بەدوور بگرن و بتوانن وەك تاکێکی مۆدێرن لەگەلڕ گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگەدا برۆن و هەولڕ بدەن بەقۆناغی مێژووی خۆیاندا تێپەرن، چونکە هەر قۆناغێکی مێژووی جۆرە گۆرانکارییەکی تیادا رودەدات، چونکە ئەگەر ئەوان خۆیان نەگۆرن ئەوا بێگومان گۆرانکاریەکان بەجێیان دەهێڵێت و دەکەونە ناو کونجێکی مێژووی دواکەوتنەوە.

*سەرنووسەری رۆژنامەی پێگە